# ئاڵای ڕەنگین



ئامادەکردن: موئەیەد تەیب

## ئـــاڵا

هەر وڵاتێک ئاڵای خـــۆی هەیە و ئاڵای هیچ وڵاتێکش وەک ئاڵای وڵاتێکی دی نیە.
ئاڵا پەڕۆیەکی ڕەنگینە و بەستـونێکەوە هەڵئەواسرێ و لەسەر ئاوایییە ڕەسـمی و ناڕەسـمـیـیەکـاندا و هەندێ جـار لە سـەر بانی مـاڵانیـشـەوە هەڵئەدرێت.
بڵندکردن و دانەواندنی ئاڵا بە ڕێوڕەسـمی تایبـەت ئەکرێت و ئاڵای هەر وڵاتێک سیمبولی ئەو وڵاتەیە و هەموو گەلانیش شانازی بە ئاڵای خۆیانەوە ئەکەن و سەربەخۆیی و ئازادی و سەرفرازی خۆیان لەو ئاڵایەدا ئەبیننەوە.

## ئاڵای کوردستان

ئاڵای کـوردسـتـان کـە لەدوای ڕاپەڕینی پیـرۆزی سـاڵـی (١٩٩١)ە وە بە ئازادی لە ئاسمانی کوردستـانەوە ئەشەکێتەوە، و لەم دواییەدا پەرلەمانی کوردستان بەشێوەیەکی ڕەسمی کردیە ئاڵای هەرێمی ئازادی کوردستـان، ئەم ئاڵایە لە سێ ڕەنگی سۆر، سپی، کەسک پێکدێت، هەروەها ڕۆژێک کە بیـــــست و یەک تیـــــشک ئەدات لە ناو ئـاڵاکـــــە دایە.

**ســۆر** نیشانەی ئەو خوێنەیە کە گەلەکەمان لە ڕێی ئازادیدا ڕێژتوویەتی و ئەیرێژێ.

**سپی** خۆشەویستی و حەزکردنی گەلی ئێمەیە بۆ ئاشتی.

**کەسک** نیشانەی سروشتی سەوز و دەوڵەمەندی وڵاتمانە.

**ڕۆژ** لە هەمـوو مـێـژوومـاندا پیـرۆز بووە و هیـوای گـەلی ئێـمـەیە لە تاریکستانی زۆرداریدا دەربازی ڕۆناکی ئازادی و سەربەخۆیی ببێ.

# ئالای کوردستان لە مێژوودا

- ئالای کوردستان مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە و لە ڕێی بڵندکردنیدا گەلەکەمان زۆر قوربانیداوە.

- ئەو ئالایە یەکەمجار لەلایەن کۆمەڵە و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی کوردان لە ئەستەنبوڵ، لە ساڵی (١٩٢٠) دروستکراوە

- لە ساڵی (١٩٢٧) لە ڕاپەڕینی چیای ئاگریدا لە کوردستانی باکور بە سەرکێشی جەنەڕاڵ ئیحسان نوری پاشا لە ناوچە ئازادەکان هەڵدراوە.

- لە ساڵی (١٩٣٢) لە سەر بەرگی گۆڤاری هاوار ژمارە (١١) چاپکراوە، خاوەنی ئەم گۆڤارە زانای گەورە میر جەلادەت بەدرخان بووە.

- لە ساڵی (١٩٤٦) کاتێک پارچەیەکی کوردستانی ڕۆژهەڵات ئازادبوو، و کۆماری کوردستان ڕاگەیەنرا، هەر ئەو ئالایە هەڵدرا بە دەسکارییەکی سووکەوە لە ڕۆژەکەدا کە دوو گوڵەگەنم لەدەورەیدا دروستکرابوون و چیایەکیش لە پشتییەوە.

- دوای ئەوەی کۆماری کوردستان تێکچوو، هەر ئەو ئالایە بوو سەرۆکی کۆمار قازی محەمەدی نەمر، دایە دەستی بارزانی نەمر، تا بپارێزرێ و بەهیوای ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆ لە ئاسمانی کوردستاندا بەرز و بڵند بێت.